**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە : ٢٠٠١٧ لە ٢٠٢٣/٩/١٠**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ( ١٠٥) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩) ی ساڵی ١٩٨١ و ماددە (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە ( ١٥) ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی ئەنجامدانی نەشتەرگەری بڕینی گەدە و بای پاس بۆ تووشبوانی نەخوشی قەڵەوی لە ڕادە بەدەر**

(Bariatric surgeries (Sleeve and gastric bypass) for morbid obesity and metabolic disorders)

**لە هەرێمی کوردستان-عێراق**

**ماددەی (١):**

تەنیا ئەو پزیشکانەی ئەم مەرجانەی خوارەوەیان هەیە مافی ئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەریەیان هەیە (professional qualifications):

١- پزیشکی نەشتەرگەری هەڵگری بڕوانامەی بوردی ورد یان فلوشیپ لە نەشتەرگەری قەڵەوی ( Board of bariatric surgery)

٢- پزیشکی هەڵگری بڕوانامەی (بۆردی نەشتەرگەری گشتی یان نەشتەرگەری کۆئەندامی هەرس ) تەنیا بەم مەرجانەی خوارەوە بۆیان هەیە ئەم نەشتەرگەریانە ئەنجام بدەن:

أ- نازناوی زانستی پزیشکی ڕاوێژکار لە نەشتەرگەری دووربینی هەبێت ( Consultant laparoscopic surgeon )

ب- پێویستە ژمارەی ئەو نەشتەرگەریانەی کە بۆ نەخۆشانی قەڵەو ئەنجامیان داوە لە (٥٠) نەشتەرگەری کەمتر نەبێت.

ج-شارەزاییەکی باشیان هەبێت لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی سەربار و ماکەکانی ئەم نەشتەرگەریانە.

٣-ئەگەر هاتوو پزیشکێك لەو پزیشکانەی کە لە خاڵی (٢)ی ئەم ڕێنماییەدا ئاماژەیان پێ کراوە ،تەنها مەرجی هاتوو لە بڕگەی (ب) یان نەبوو پێویستە لە ژێر چاودێری پزیشکانی خاڵی (١) یان (٢) کار بکەن ، هەتا تەواوکردنی ڕێکارەکان.

**ماددەی (٢):**

**مەرجەکانی تایبەت بەو نەخۆشانەی کە پێویستیان بە نەشتەرگەریە بۆ قەڵەوی لە ڕادە بەدەریان** ( Surgical indications for sleeve and gastric bypass ) :

**یەکەم**: نەخۆشانی سەرو تەمەن (١٨) ساڵ:

١- ئەگەر (BMI) زیاتر لە (٤٠) بێت.

٢- ئەگەر (BMI ٣٥-٤٠) بێت و لەگەڵ هەبوونی نەخۆشـیەکانی پەیوەسـت بە قەڵەوی زیادە وەکو (نەخۆشی شەکرەی جۆری II ، خنکان لە کاتی نووستن Sleep apnea، بەرزی فشاری خوێن ، زیادی چەوری خوێن ، جگەری چەور ، پەکەوتن بەهۆی نەخۆشی جومگەکان ، نەخۆشی خوێنبەرانی دڵ، نەخۆشی خوێنبەرانی مێشك، لە دەست دانی کۆنترۆڵی میزکردن ، ناباروەری ).

٣- پێویستە ئەم نەخۆشیانە بە راپۆرت لە لایەن پزیشکانی پسپۆر پشتڕاست بکرێنەوە و بە وردی دیاری بکرێت ئایا تا چ ڕادەیەک بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ قەڵەوی، نەخۆش سود بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشیانە وەردەگرێت.

**دووەم**: نەخوشانی تەمەن کەمتر کە (١٨) ساڵ:

١- ئەگەر (BMI) زیاتر لە (٤٠) بێت.

٢- پێ گەیشتنی ئێسکەکان بە کاملی.

٣- راپۆرتی پزیشکی تایبەتمەندی رژێنە کوێرەکان (Endocrinologist ) بۆ پێویستی ئەنجامدانی ئەم چارەسەرییە.

٤- لە کاتی هەبوونی ئەو نەخۆشـیانەی لە سـەرەوە ئاماژەیان پێکراوە بەپێی راپۆرتی پزیشـکی تایبەتمەند.

**ماددەی (٣):**

**مەرجەکانی تایبەت بەو نەخۆشـخانانەی کە ئەم نەشـتەرگەریانەی تیادا ئەنجامـدەدرێت** (Hospital specification):

**یەکەم**: هۆڵی نەشتەرگەری:

١- هەبوونی مێزی تایبەت لە هۆڵی نەشـتەرگەری کە توانای هەڵگرتنی بە لایەنی کەم (٣٥٠) کیلۆ گرامی هەبێت.

٢- هەبوونی ئامێری دووربینی نوێ HD(Laparoscope) لە گەڵ ئامێری دووربینی کۆئەندامی هەرس.

٣- هەبوونی ئامێری Tissue sealing system ( ligasue harmonic or thunder-beat )

٤- هەبوونی ئامێری نوێی Cold operating light .

٥- هەبوونی ئامێری بەرەنگاری مەینی خوێن لە پێ لە کاتی نەشتەرگەری Intermittent pneumatic compression (IPC) device

**دووەم**: هەبوونی بەشی چاودێری چڕ لە نەخوشخانەکە (ICU).

**سێیەم**: هەبوونی تیمی پزیشکی تایبەت بە ئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەریانە لە نەخۆشخانەکە.

**چوارەم**: نابێت نەخۆشخانە رێگە بە هیچ کەسێکی دیکە بدات بو ئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەریانە.

**پێنجەم**: ئەم جۆرە نەشتەرگەریانە لە کلینیکی نەشتەرگەری ڕۆژانە ئەنجام نادرێت.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم**: پێویستە تەواوی پرۆسەی ئەم نەشتەرگەریە تۆماربکرێت و ئاماژە بە هەر سەربار و ماکێك بدرێت کە لە کاتی نەشتەرگەری ڕوویان داوە بۆ زانین و بەدواداچوونی.

**دووەم**: پێویستە ئەم ڕێککارانە لە سەرجەم نەخۆشخانە گشتی و تایبەتیەکان جێبەجێ بکرێن.

**سێیەم**: ئەم ڕێنمایی و ڕێککارانە بەپێی گۆڕانکاری زانستی تایبەت بەم بوارە و بەپێی پێویست و بەژەوەندی گشتی دەگۆڕدرێن.

**ماددەی (٥):**

کار بە هیج دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە دژکار بێت.

**ماددەی (٦):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وقایعی کوردستان)وە جێبەجێ دەکریت.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**